# ئەورۆ یان سبەی
# تورکیا چۆک دەدات

**فەهد گردەوانی**



ئیسرائیلی یەکان کاتێک بیابانی سینا[سیناء] یان داگیر کرد ، خەڵکی عارەب چەپڵەی بۆ جەمال عەبدولناسر{جمال عبد الناصر 1918/1/15 ــ 1970/9/28}

لێدەدا و بە سەرکەوتن یان دانا و بووە پاڵەوانی عارەب .ئەو خاکەی داگیر کرا، یەهودی یەکانی جیهان هەر هەموو بگوازرابانەیەوە بۆ سینا و نیشتجێ بکرابان ، هێشتان شوێنی خەڵکی تری تێدا دەبۆ وە ، پێوانەکەی هێندە گەورە بوو . ئەوە چۆن ئەو هەمووە یەهودی یە کەمە، توانیان سینا بگرن و لەشکری عارەبی تێک بشکێنن . کەچی گوایە ئیسرائیل لە خوارووی لوبنان بەرامبەر لەشکری حەسەن نەسروڵلا **{حسن نصرالله** 1960/8/30} ژێرکەوتنییان بە دەست هێنا . گەلۆ ببینە لەشکری حەسەن نەسروڵلا بە دەیان کیلۆمەتر لە شوێنی خۆی کشاوەتەوە و خاکی لەدەست داوە ، کەچی عارەب چەپڵەی سەرکەوتن بۆ حەسەن نەسروڵلا لێدەدات . سوریا و ئێران بە پارە و چەک یارمەتی لەشکری [ابو عەلی]یان دەدا ، هەنووکەش دەبێت ئەو سنوورەی لەگەڵ ئیسرائیل بۆ بپارێزێت هەروەکو چۆن رژێمی سوریا لەلای جۆلان سنووری ئیسرائیل و ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیل دەپارێزێت و رێگا نادات یەک فیدایی گوللەیەک بەرامبەر سەربازی ئیسرائیلی بتەقێنی .



تورکیا بیستوو ئەوەندە ساڵەیە بۆی ناکرێت گروپەکی کوردی چەند هەزار کەسی لەنێو ببات و چەکی پێ فرێ بدات ، چۆن دەتوانێ ئەو هەموو ملیون دەنگەی کوردی لە کوردستانی تورکیا کپ بکات . مێژووی تورکیا تێکوپێکیش بدرێت و بە ئاوی زێڕیش بنووسرێتەوە ، ئەوا هەر لەکەی رەشی نێوچەوانی مێژووی تورکیا سپی نابێتەوە بەرامبەر رەشەکوژی ئەرمەن و کورد . جا با ئەمڕۆ تورکیاو ژەنەراڵەکانیان هەر لە دژی فەرەنسا و ئەمریکا دەنگی ناشازیان بەرز بکەنەوە و خۆیان بێبەری نیشان بدەن . یەهودی یەکان گەلێک چاوەڕوانیان کرد هەتا توانیان حەقی خۆیان لە ئەڵمانیا وەربگرنەوە . ئەوا هەنووکە عارەبە داوا لە رژێمی ئیسرائیل دەکات مافی فەلەستینیەکان بدات ، خۆ ژمارەی عارەبەکان و وڵاتانی عارەبی گەلێک زۆریشە . گەلۆ سبەی کوردستانی ئێمەش داوای مافی خۆی لە تورکیا ناکات . ئەرمەنی یەکان لە مافی خۆیان دەست هەڵدەگرن . ئەو سیستەمی تازەی جیهانی تازە ئەو جۆرە تاوانانە لەبیر ناکات . کوردەکان دەبێت سیاسەت پەیرەو بکەن و دەست لە زمانی توندو تیژی بهێنن . سەرکەوتنی سیاسەت گەلێک لە سەرکەوتنی چەک پیرۆزترە لە پێناوی پاراستنی گیانی پیرۆزی مرۆڤ .

2007/11/22ستۆکهۆڵم